

# کانت، لەماڵێکی بچووکو هەژارانەوە بەرەو جیهانی فراوان

و: ڕێباز مستەفا

ئەمانویل کانت بیرمەندی ئەڵمانیی سەدەی هەژدەی زایینی کەبەفەیلەسوفی چاخی ڕۆشنگەری ناسراوە، لە(22)ی مانگی نیسان(1724) لەشاری(کونیگزبۆرگ)ی ئەڵمانیا لەخێزانێکی کریستیانی لەدایکبووە، خێزانی کانت نۆ منداڵیان هەبوونو ئەو منداڵی چوارەمی ئەو خێزانەبوو. کانت لەتەمەنی هەشت ساڵیدا بەپێداگریی باوکی لەلایەن کەشیشێکەوە ناردرایە خوێندنگەی کۆنیگزبورگ و تا گەیشتە زانکۆ لەو خوێندنگەیەدا درێژەی بە خوێندندا.

دوای چەند ساڵ دەرسی تایبەت، چووە زانکۆو دەستیکرد بە وتاردانی بەربڵاو لەو ساڵانەدا چەند کتێبێکی لەبوارەکانی بیرکاریو دینامیکیەت نووسیو بڵاویکردنەوەو دوای بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێك لەبواری گەردوونناسی، ڕوویکردە فەلسەفە.

کانت لەژیانی خۆیدا سیستەمونەزمێکی تایبەتی هەبوو، هەرکارێکی دەیکرد لەکاتو ساتێکی دیاریکراودا ئەنجامیدەداو بەموو دوای نەدەخست ولێیلانەدەدا، لەنێو خەڵکی شارەکەیدا ئەم قسەیە باو بووکە دەیانگوت: دەتوانی کاتژمێرەکەت لەگەڵ کارەکانی کانتدا ڕێك بخەی، ئەو هەر ژنی نەهێناو سەفەرێکی نەکرد، ئەرکەکانی وەك مامۆستایەکی زانکۆ وایاندەخواست کە هەموو بەشەکانی فەلسەفە بۆ خوێندکارەکانی بڵێتەوەو ساڵانێکی درێژ، توانا هزرەکانی خۆی بۆ وانەوتنەوەو بڵاوکردنەوەی کتێبی جیاجیاو وتارنووسین تەرخانکرد.

ڕەخنەی عەقڵی پەتی، ڕەخنەی عەقڵی کرداری، ڕەخنەی هێزی حوکمو میتافیزیای ئەخلاق، لەگرنگترین بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسوفەن.

کانتی فەیلەسوفی ناوداری چاخی ڕۆشنگەری کەدوای ئەرستۆ بەگەورەترین فەیلەسوفی ڕۆژئاوا دراوەتە قەڵەم، لەخێزانێکی سادەو بەژمارە قەرەباڵغو هەژارو خاوەن بڕوا بەئایینی مەسیحی گەورەبوو خوێندنی خۆی لەژێر هەلومەرجێکی سەختو بەپێی سیستمێکی ئەوپەڕی توند درێژە پێداو لەماوەی تەمەنی پڕ بەهرەی خۆیدا، توانی ببێتە فەیلەسوفێك کە تادنیا هەیە مرۆڤایەتی شانازی پێوەدەکات، دواجار لەتەمەنی هەشتاساڵیدا واتە لە(12)ی شوباتی(1804) ماڵئاوای لەژیانکردو ئەم جیهانەی جێهێڵا.

کانت دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆو سەرەنجام لەتەمەنی سیو یەك ساڵیدا، توانی کارێك لەزانکۆ پەیدابکات، ئەو کارەی کە بێ مووچە بوو، ڕێگەی پێدەدرا وتاری گشتی بۆ خوێندکارەکان بڵێتەوەو بڕە پارەیەکی کەم لەڕێی فێرکردنی تایبەتی خۆێندکاران وەربگرێ، تائەو کاتە کانت چەند بەرهەمێکی لەبواری بیرکاریو دینامیکیەت بڵاوکردبوونەوە.

وردە وردە پایەی زانستیو کۆمەڵایەتی کانت بەرزبووەوە، تەنانەت چەندینجار لەلایەن زانکۆکانی دیکە بۆوانەوتنەوە بانگهێشتکرا ، بەڵام پێشنیارو بانگهێشتنەکانی ڕەتکردنەوە، ئەو لەو سەردەمدا زیاتر لە ماڵەکەی خۆیدا خەریکی وتنەوەی دەرسی بیرکاریو فیزیا بوو ، لەهەمان تەمەنی سیو یەك ساڵیدا نامیلکەیەکی سەبارەت چاوگ و سەرچاوەی گەردوون بڵاوکردەوە، کەبۆجاری یەکەم شکڵبەندیی گریمانەیی کاکێشانەکانی تیادا خرابووە ڕوو.

سەرەنجام دوای چاوەڕوانیێکی زۆر کە بەساڵان درێژەی کێشا ،کانت توانی ببێتە مامۆستا لەرشتەی فەلسەفە لەزانکۆی کونیگزبورگ. لەمە بەدواوە، هەموو تەمەنی خۆی سەر لەبەر بۆ فەلسەفە تەرخانکرد.

ئەو لەوانەکانیدا بەوپەڕی وردیو بەشێوازێکی نوێو سەرنجڕاکێش فەلسەفەی شیدەکردەوەو دەیخستە بەر ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەوەوە، بەچەشنێك کەدوای ماوەیەك خوێندکارانێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردنەوە کە هەمیشە لەوانەکانیدا ئامادەبوونو بەهرەیان لەو مامۆستا مەزنە وەردەگرت.

کانت لەژیانیدا خاوەن زەبتو دیسپلینێکی تایبەت بەخۆی بوو. هەرکارێکی لەکاتی خۆیدا ئەنجامدەداو تۆزقاڵێك پاشو پێشی لەکارەکانی نەدەکردو لەو دیسپلینە تایبەتیەی خۆی لاینەدەدا.

گەورەترین نووسینی فەلسەفی کانت، بریتییە لەکتێبی (رەخنەی عەقڵی پەتی) کەیەکەمین بەرهەمیشی بوو، لەساڵی(1781)، کاتێك تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵ بوو بڵاویکردەوە، خۆی دەڵێ: ئەم کتێبە، دوای ماوەیەکی کورت ئەوەندە ناوبانگی دەرکرد کە فەلسەفەی




رەخنەگرانە(Critcal Philosophy) کە کانت خۆی بەسەرکێشو پێشەنگی دەزانی، لەهەموو ئەڵمانیادا بڵاوبووەوەو کەوتەبەر داکۆکیکردنو رەخنەی بەربڵاوەوە، کانت ساڵەکانی (1788و1790) دوو بەرهەمی گرنگی دیکەی یەك بەدوای یەك واتە(رەخنەی عەقڵی کرداریو رەخنەی هێزی حوکم) بڵاوکردنەوە، ئەو دووکتێبە لەبارەی ئەخلاقو جوانناسییەوە بوون، هەڵبەتە ئەو لەماوەی ژیانی خۆیدا بەرهەمی دیکەشی نووسین کەسەرجەمیان دەگەنە(27)بەرگ.

کانت لەگەڵ هەبوونی ئەو سروشتە وشكو جیدیەی کەهەیبوو، کەچی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، زمان شیرینو ئەندامێکی خۆشەویستو مایەی رێزی هەڵقەکۆمەڵایەتیو ئەدەبیو تەنانەت وەزیرەکانی پادشای ئەو وڵاتەش بوو.

کانت دوایین دەرسی فەرمی خۆی لەساڵی(1796) پێشکەشکرد. لەو کاتەدا توانای زهنی رووی لەکزی بوو و ئەو هێزە گوڕوتینەی هەیبوو لەجێی خۆیدابووە، بێهێزیو سستیو لەماوەیەکی کورتیشدا توانای زهنی خۆی بەتەواوی لەدەستداو تەنانەت وایلێهات دۆستەکانی خۆیشی نەدەناسیەوەو کەوتە حاڵەتی لەبیروچوونەوە، تادواجار لە(1840/2/12) کۆچی دواییکرد. لەناشتنی تەرمی ئەوبیرمەندە گەورەیە خەڵکی شارە جیاجیاکانی ئەڵمانیا ئامادەبوونو بەرێزەوە بەرێیانکرد.

کانت چەندین ساڵ بەر لەمردن، خۆی دابڕیو گۆشەگیرێکی تەواوی هەڵبژارد، دوایین نووسینیشی لە(8/7ی ساڵی1799)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەو لەو دوایین نووسینەیدا کە کەمتریش ناسراوە، بەشێوەیەکی روونو راشکاو لەدیدو تێڕوانینەکانی(یوهان گوتلیب فیختە) کەخۆی بەمیراتگرو درێژە پێدەری رێگای کانت لەقەڵەمدەدا، دوورخستۆتەوەو بەراشکاوی گوتویە سەرجەم گۆڕانگاریە فەلسەفیە تازەکان، بەدەگمەن دەنا هیچ پەیوەندیو نزیکایەتێکیان لەگەڵ فەلسەفەی رەخنەگرانەی ئەودا نییەو ئەوەشی راگەیاندبوو کە (تیۆری زانستی)ی فیختە

بەسیستمێکی تەواو بێ بنەما دەزانێ و بەهیچ شێوەیەك ئامادەنییە لەومیتافیزیکیە کەلەسەر بنەمای تیۆروانین و پرەنسیپەکانی فیختە جێگیرە، بەشداری بکات، کانت لەهەڵسەنگاندنێك کەلەسەر تیۆری زانستیی فیختە نووسیویە، ئەو پەندە کۆنە ئیتالییەی هێناوەتەوە کە دەڵێ: "خواوەند ئێمە لەبەرامبەر دۆستەکانمان بپارێزێ، لەبەرامبەر دوژمنەکانمان خۆمان دەپارێزین." فیختەو دوای ئەویش هیگڵ بە زیرەکیی هەوڵیاندەدا کەسەرچاوەی تێڕوانینەکانی خۆیان بۆ کانت بگەڕێننەوەو لەو ڕێگایەوە سوود لەناوبانگی جیهانی کانت وەربگرن.

بەڵام کانت لەڕاستیدا بەدوایین نووسینی خۆی ماڵئاوایی لە شانۆی فەلسەفەی جیهانکردو بەمشێوەیە لەساڵەکانی ئاخری تەمەنیدا توانی خۆی لەو بەلایەی کەدواتر بە(ئایدیالیزمی ئەڵمانی) ناوزەدکرا، دەربازبکات، بەڵێ، فەلسەفەی ئەڵمانی و لەگەڵ ئەویشدا فەلسەفە لە ئەورووپا، پێینایە ڕێگایەك کە کانت نەیدەتوانی هاوڕا بێ لەگەڵیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، دوای مردنی کانت، ئەو کاتەی کە ئەو مرۆڤە جیهانییە ئیدی نەیدەتوانی داکۆکی لەخۆی بکات، ئەندیشەکانی ئەو بەخراپ سوودیان لێوەرگیرا، تا لەخزمەتی نیازەکانی قوتابخانەی ناسیۆنالیستیی ڕۆمانێکەوە بخرێتەکار. بەدەربڕینی (کارل پۆپەر) لەڕاستیدا ئەو کارە بەپێچەوانەی هەموو ئەوەی کە کانت لەدژی ڕۆحی ڕۆمانسیەت و جۆش و خرۆش و خەیاڵپڵاویەکانەوە گرتبووی و نووسیبووی، ئەنجامدرا، جێی سەرسوڕمان ئەوەیە کەئەمڕۆ، دووسەد ساڵ دوای مردنی کانت، هێشتاش کەم نین ئەو کەسانەی کە مێژووی فەلسەفەی ئایدیالیزم بەناوی کانتەوە دەستپێدەکەن و زۆربەیان بەدامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیەی دەزانن کەلەڕاستییدا ڕۆشنگەری نابووتکرد، واتە قوتابخانەی"ئایدیالیزمی ئەڵمانی"، قوتابخانەی فیختەی وشێلینگ و هێگڵ و ئەوانی دی.

بەڵێ، کاتێك هەواڵی مردنی کانت لەناو خەڵکی شاری (کۆنیگزبۆرگ)دا بڵاوبووەوە، هەمووان ڕوویانکردە ماڵەکەی، ئەوان هاتبوون کەبەشداربن لەناشتنی تەرمی ئەو مامۆستایەی مافی مرۆڤ و داواکارەی یەکسانی لەبەرامبەر یاساو مامۆستای ڕێبازی کۆسمۆپۆلیتی و بانگدەرو پەیامهێنەری ئازادی و خۆدەربازکردن لەکۆت و بەندەکان لەڕێی زانست و لەهەموو ئەمانەش، گرنگی پەیامهێنەری ئاشتی و برایەتی لەجیهاندا، ئەو هەموو خەڵکە بەدڵی پڕ لەکەسەر هاتبوون کەلەپای ئەو هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندیە بەرزانەی کانت، ڕێزو خۆشەویستی خۆیان دەربڕن و سوپاسی مامۆستاکەیان بکەن. کانت بۆ هەموو خەڵکی ببووە ڕەمزو سەرمەشقی هەموو ئەو هزرو ئەندیشانە. پروسیا لەوسەردەمەدا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ڕەهاو تاکڕەوی (فریدریش ویلهلم)ی سێیەمدا بوو، پۆپەر چەند ڕاستی گوت: ئەو زەنگەی کڵێساکان کە بۆ کانت لێدران، بوونە دەنگدەرەوە بۆ شۆڕشی ئەمریکاو فەرەنسا، کاردانەوەی دەنگی ئەو زەنگانەی کڵێسا کە بۆ مەرگی کانت لێدران ،بوونە کاردانەوەی هزرو ئەندیشەکانی ساڵانی (1776و1789).

دۆستەکانی پێیانوابوو لەڕێی و ڕەسمێکی سادەدا بەخاك سپێردرا، بەڵام وانەبوو، سەرەڕای سەرمایەکی سەخت کە چەندین هەفتەبوو درێژەی هەبوو، ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵکی لەگۆڕستانی شاری کونیگزبۆرگدا کۆبوونەوەو ئەمانۆیل کانت ئەو کوڕەی پیشەوەرێکی هەژاری شارێکی ئەیالەتی پرۆسیایان وەکو پادشایەك بەخاك سپارد. لەرۆژی بەخاکسپاردنی کانت، هاتووچۆ لەسەرتاسەری شاردا بەتەواوی ڕاوەستا. ڕیزی درێژی ئامادەبووانی مەراسیمەکە لەگەڵ تابووتی کانت بەرەو گۆڕستان بەڕێوەبوون. لەڕاستییدا کونیگزبۆرگ لە مێژووی خۆیدا وەها بەخاکسپاردنێکی بەخۆوە نەبینیبوو، مارشی پرسە دانان کەبەناوی فریدریشی دووەمی پادشا پروسیا نووسراوبوو، گۆڕیان و مۆسیقایەکی شاهانەبووە بەدرەقەکەری دوامالئاوای فەیلەسوفی گەورەی پروسیا، زەنگی کڵێساکانی کۆنیگزبۆرگ لێدران و خەڵکی بەگشتی تا گۆڕستان لەتەك ترەمی ئەو مامۆستا مەزنە بەبێ ڕێگایان بڕی.

بەداخەوە ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی دووسەد ساڵ بەسەر مردنی کانت، ئارەزووە دێرینەکانی ئەو پەیامبەرەی ئاشتیو خەباتگێڕە مەزنەی بزاڤی ڕۆشنگەری هێشتا نەهاتوونەتە دی. هێشتا نە(ئاشتیی پایەدار) لەجیهاندا جێگیربووەو نە ئەو دروشمەی ڕۆشنگەری کە دەیگوت"ئازابەو تێگەیشتنی خۆت بخە خزمەتی مرۆڤایەتی" هاتۆتەدی. ئێستا لەسەدەی بیستو یەکی زایینیدا،بەچاوخشاندنێك لەو شتانەی لەگۆشەو کەناری جیهاندا ڕوودەدەن، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە کانت لەو کۆترەی ئاشتی دەچێ کەلەئاراستەی دژی باهۆزدا باڵەفڕێیەتی، ئەمڕۆ هێشتا ئەو وەڵامە حەکیمانەو زیرەکانەی کانت بەرامبەر تەرحی ئایدیالی خەیاڵیانەی ئەفلاتوون، کە دەڵێ دەسەڵاتداران فەیلەسوفو فەیلەسوفەکان دەسەڵاتدار بن، بەدی نەهاتووە، کانت لە بەرسڤی ئەفلاتوون دەڵێ:"ئەوەی کەشاکان ببنە فەیلەسوفو فەیلەسوفەکان ببنەشا، چاوەڕوانییێکی دوورە لەراستی، نەك هەردوورە لەراستی ،بەڵکو پەسندکراویش نابێ، چونکە گرتنەدەستی دەسەڵاتی(سیاسی)، داوەریکردنی ئازادانەی عەقڵ بێ سێ و دوو بەرەو گەندەڵیو بۆگەنبوون دەکێشێ، بەڵام ئەوەی کەشاکان یان ئەو کەسانەی خۆیان شاهانە حوکم بەسەر چارەنووسی خۆیاندا دەکەن، هەوڵی نابوتکردنو کپکردنی فەیلەسوفەکان نەدەنو لێبگەڕێن کە ئەوان بیروڕاوتێڕامانی خۆیان بەشێوەیەکی ئاشکرا بخەنەڕوو، کارێکی پێویستەو دەبێتە مایەی ڕۆشنبوونی پەیامو بەرپرسێتی هەردووکیان".



کارل پۆپەر

ئەمانویل کانت ڕۆڵەی سەردەمی ئاشووبو ململانێو ناکۆکیە سەختەکانو بزاڤ و سەرهەڵدانو شۆڕشە مەزنو گۆڕانسازەکان بوو. شەڕەکانی حەوت ساڵەی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لەسەردەمی ئەودا ڕوویاندا، بەڵام ئەو وەك خۆی دەڵێ، ئەوەندە بچوكو سستو لاوازبوو، کە ئەو ئاشووبو گەردەلوولانە، بێئەوەی بایەخێکی پێبدەن بەتەنیشتیدا ڕەت بوونو ئەو بەخەیاڵی ئاسوودە لەنێو ئەو گەردەلوولو پشێویو ئاشووبانە درێژەی بەهزرو رامانە فەلسەفیو زانستییەکانی خۆیدا.

باڵای بەئاستەم دەگەیشتە مەترونیوێك، کووڕو پشت کۆم بوو، چاوەکانی وردو بچوك بوون بەنیگایەکی سەرنجڕاکێشو بزەیەکی شەرمنانە، قەدوقەڵافەتێکی بچوكو لاوازی هەبوو، باریكو کزبوو، بەڵام وێڕای قەدوباڵای کورتی، بیروڕامانی زۆر بەرزی هەبوون ،کە ئەویان کردە سەرووێکی باڵا بەرزتر لە زۆربەی ئەندیشمەندانی گەورەی سەدەی نۆزدەی هەموو ئەوروپاو گەیاندیانە پێگەوپایەك کە بێ زیادەڕۆیی دەتوانین بڵێین، ئەو یەکێکە لەدە فەیلەسوفە هەر گەورەو یەکەمەکانی جیهانی لەسەرتاسەری مێژووی فەلسەفەدا.

وەك (هانیریش هاینە)دەڵێ، لەنێوان ڕواڵەتی بچوکی ئەو پیاوەو بیروئەندیشە مەزنو بناغەدانەرو تەکاندەرانەی ئەودا

ناکۆکییەکی قوڵ هەیەو ئەگەر خەڵکی شاری کۆنیگزبۆرگ بیاتوانیبا پەی بەئەندیشە توندوتیژو وێرانکەرەکانی ئەوببەن، لەترسان زەندەقیان دەڕژاو زەحمەت بوو بیانتوانیبا بەتەك ئەودا بژین، چونکە ستەمکارانو جەلادانی مێژوو، تەنها دەتوانن مرۆڤەکان لەناوببەن، کەچی ئەمانویل کانت بڕیاری دابوو ئەندیشەو هزری فەیلەسوفە گەورەکانی پێشتر لەناوبباتو شوێنیان پێ لەق بکات.

وێڕای ئەمانەش هەموو کات مرۆڤێکی شەرمنو زۆر سادەو خاکەڕابوو، کە لەسەرخۆ بەرێگادا دەڕۆیشتو هەموو کارەکانی خۆی بەپێی نەزمو بەرنامەیەکی وردو لەگۆڕاننە هاتوو ڕێکخستبوون.

دیسان هاینە نووسیویە: لەخەوهەستانی، هاتنە دەری لەنێو جێگاوە خواردنەوە، وانەوتنەوەی، نانخواردنی، پیاسەکردنو بەرێگادا ڕۆیشتنی هەریەکێك لەو کارانەی کاتێکی دیاریکراویان هەبووو هیچ ڕووداوێکی خۆش یان ناخۆش، تەنانەت ترسناکترین بومەلەرزە، یان وێرانکەرترین گڕکانیش نەیاندەتوانی ئەو نەزمو بەرنامەیەی ئەو بگۆڕن.

کاتێك گۆچانێك لەدەست لەبەردەم دەرگا دەردەکەوتو بەرە ولای شەقامو دار زیسفۆنەکان کەئێستا ناوی لێنراوە سەیرانگای فەیلەسوف، دەکەوتەڕێ، هەموو دراوسێکان تێدەگەیشتن کە سەعات دروست سێو نیوی دوانیوەڕۆیەو ئەوانەی کەسەعاتەکانیان نووستبوو یان پاشو پێشی کردبوو لەگەڵ دەستپێکردنی پیاسەکردنەکانی عەسرانەی ئەو سەعاتەکانیان لەسەر سێو نیو ڕاستدەکردنەوە، کانت چەندجارێك بەدرێژایی شەقامەکە دەهاتو دەچوو و بیری لەشتە دیارو نادیارەکانی تێڕوانینە فەلسەفیەکانو دۆزراوەو نەدۆزراوە، تیۆریە مەعریفییەکانی دەکردەوەو تاوتۆیی دەکرد، ڕەنگبێ بەدڵنیاییەوە بتوانین بڵێین کە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ئەو لەهەمان ئەم شەقامەو لەژێر ئەودار زیسفۆنانە ئەو شەقامەدا شکڵیان گرتووە، ئەو پیاسەو ڕێرەویانەی ئەو لەتەواوی ساڵو تەواوی چوار وەرزی ساڵدا ،بێ ڕاوەستانو دواکەوتن بەردەوام بوون ونە بەفرو باوبۆرانو سەرمای زستان و نەبارانو زریانو لافاوی پایزو نەگەرمای تاقە تپروکێنی هاوینو نەرێژنەی بارانو سێلاوەکانی بەهار، هیچ کامیان نەیاندەتوانی ڕێ لەرەفتاری ڕێكوپێكو نەخشەدارێژراوی ئەو بگرن، تەنها ئەو دەمانەی هەوری ڕەشو تاریك ئاسمانیان دادەپۆشی، خزمەتکارە پیرەکەی-لامپێ-هەنگاو بەهەنگاو لەدوایەوە دەڕۆیشتو چەترێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، بۆئەوەی بارانو سێلاو لەپەلۆپۆی نەخات.

تەنها شتێك کە بۆیەکجارو تەنها هەریەکجار نەزمو دیسپلیی ژیانی ئەوی تێکداو کانتی لەسەرخۆو ڕێكوپێکی سەخت خستە ورۆژانو جۆشوخرۆش، خوێندنەوەی کتێبی ناوازەی (ئەمێل)ی ژان ژاك ڕۆسۆبوو. کاتێك کە کانت کتێبی ئەمیلی بۆ خوێندنەوە گرتەدەست، هەر لەلاپەڕەکانی یەکەمەوە واسەرنجی ڕاکێشاو خولیای بووو نوقمی ئەندیشە پڕ بەهرە ئەگەرچی عەجیبو غەریبو وەحشیەکانی ڕۆسۆ بووکە، پیاسە ڕۆژانەییەکانی خۆی بۆ ژێر دار زیسفۆنەکان بۆچەند ڕۆژێك لەبیرکردنو هەموو کاتەکەی خۆی بۆ خوێندنەوە و موتالاکردنی ئەو کتێبە تەرخانکرد. لەژیانی یەکرەوتیو بێ ڕووداوی ئەودا، ڕووداوێکی سەیرو وروژێنەرانە ڕوویدابوو. ڕووداوی ئاشنابوون بەئەندیشمەندێکی پێشەنگ کەبەئازایەتێکی شێردلانەو بۆیرێیکی بێ باکانە، لەپێشتربوونی هەستو نەستی بەسەر عەقڵی تیۆری ڕادەگەیاند.ئێستا کانت هەستیدەکرد کەمێژووی فەلسەفە ئەرکێکی ترسناکی خستۆتە سەرشانی ئەوەوە: ئەرکی درێژەپێدانی ڕێگای ڕۆسۆو پەیوەستکردنی تێڕوانینەکانی(بێرکلیو هیوم) لەگەڵ دیدگاو تێڕوانینەکانی ڕۆسۆو پێکەوە گرێدانی تانوپۆی بەڵگەکاریەکانی ئەو سێ بیرمەندە مەزنە، تابەیارمەتی ئەوە ڕۆح لەزیندانی عەقڵی ناتەواوو ناپەتی ڕزگاربکاتو زانستیش لەدەستی شكوگومان دەربازبکات.

ئەگەرچی جەستەی بچوكو لاوازبوو، بەلام بەهۆی چاودێریی تەندروستیو پارێزکردنێکی باش، هەشتا ساڵی

تەواو بەبێ ئەوەی پێویست بە دکتۆر بکات، یەکبێن بەساغی ژیاو ئەو بۆچوونەی کردە دروشمی خۆی:(هێزی زهن لەرێی توانای ئیرادەوە بەسەر هەستی نەخۆشبووندا زاڵ دەبێو نەخۆش لەجەستە وەردەردەنێ) لەوبارەیەوە لەتەمەنی حەفتا ساڵیدا نامیلکەیەکی نووسی.

سەبارەت بەهەر چالاکێیك بەوردیو دووربینانەو لەسەرخۆ بەر لەوەی هەنگاوێکی کرداری هەڵێنێ- بیریدەکردەو ئەوەندە بەوردیو وەسواسو پشکنەرانە سەرجەم لایەنەکانی ئەو کارەی، کە دەیویست ئەنجامبدات ،هەڵیدەسەنگاندو ئەوەندە لەسەرخۆو وردو بەحەوسەڵەبوو کە زۆربەی جاران دەرفەتی ئەنجامدانی کارەکەی لەدەستدەداو کارەکە بەئەنجامنەدراویو نیوەچڵ دەمایەوە، وەك نموونە-هەر لەبەرئەوە دوور ئەندیشیو لەسەرخۆییەی- بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانی هاوسەرێك هەڵبژێرێو بەناچاری تامرد هەر سەڵت مایەوە. دووجاریش کەبڕیاریدا هاوسەرگیری بکات ئەوەندە هێنای بردیو لێکیدایەوەو ئەو دەستو ئەمدەستیکرد کەجاری یەکەم ئەو کچەی کەلەدڵی خۆیدا هەڵیبژاردبوو مێردی بەپیاوێکی زرنگترو چوست و چالاکترکردو جاری دووەمیش ئەو کچەی کەمایەی پەسندی بوو لەدەست ئەو هەموو بینەوبەردەو دەستی دەستیەی ئەو بێزاربوو و تۆراو بۆ هەمیشە کونیگزبۆرگی بەجێهێڵا.

کانت هەرگیز لەشارەکەی نەچووە دەر-مەگەر بۆ گەشتێکی کورت بۆ گوندێکی دەوروبەری شار- دەنا هەرگیز سەفەرێکی جیدیو درێژی نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو جیهانی بەپانیو درێژیی جوگرافیو قوڵایی مێژووییەوە بەچاکیو بەدیدێکی قووڵ و وردبینانە دەناسیو زۆر حەزی لەخوێندنەوەو موتالاکردنی کلتورو شارستانیەتی گەلانی جیاجیاو میللەتانی دوور دەکرد.

کانت لەتەمەنی بیستو شەش ساڵیدا ،چووە زانکۆی کونیگزبۆرگو لەوێ فەلسەفە، ماتمانیك، لۆژیكو یەزدانناسی فێربوو. دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، بەتێزی خوێندنەکەی بەناوی(شێوازسازی نوێ لەبارەی بنەما سەرەکییەکانی ناسینی میتافیزیا) کەبەزمانی لاتینی نووسیبووی، بڕوانامەی خوێندنو وانەوتنەوەی لەزانکۆکەدا وەدەستهێناو لەو ساڵەوە بووە مامۆستا زانکۆ، لەماوەی بەدرێژی وانەوتنەوە لە زانکۆ، وانەی جیاجیای لەبیرکاریو فیزیا، تان لۆژیكو میتافیزیاو لەفەلسەفەی ئەخلاقو جوگرافیای سروشتی تامافی سروشتیو فەلسەفەی پەروەردە فێربوونو لە فەلسەفەی ئایین تا مەعدەنناسی، وتنەوەو پازدەساڵی رەبەق وەك مامۆستای بێ کورسی و بێ ناونیشان لەو زانکۆیەدا خەریکی وانەوتنەوە بوو.

کانت لەماوەی ئەو پازدەساڵەدا خوێندکارانێکی زۆری پێگەیاندن، دووجار داوای کورسی مامۆستای زانکۆی کرد، بەڵام هەردووجار داواکاریەکەی رەتکرایەوە، چونکە بەرپرسانی زانکۆ پێیانوابوو کەسایەتی مامۆستایەکی زانکۆی نییەو پێویستە بەمامۆستایەکی مامناوەندی بۆ خوێندکارانی مامناوەندی بمێنێتەوە. کانت کەلەبواری پەروەردەو فێرکردندا تێڕوانینی تایبەتی هەبووو دەیگوت دەبێ زیاتر بایەخ بەو خوێندکارانە بدرێ کەتوانایەکی مامناوەندیان هەیە، چونکە خوێندکارە زۆر زیرەکەکان دەتوانن رێگای خۆیان بدۆزنەوەو بەرەی خۆیان لەئاو دەربێننو فێرکردنی خوێندکارە تەمبەڵەکانیش، وەك ئاو کوتان وایە لەئاوان و خۆماندوکردنێکی بێهوودەیە، کانت کتێبێکیشی لەبارەی پەروەردەو فێرکردنەوە نووسی کەبەقسەی خۆی زۆر پرەنسیپی خوێندنو پەروەردەی لەخۆگرتبوو، ئەگەر چی ئەو دانی پێدانەهێنا کە خۆی هەرگیز ئەو پرەنسیپانەی قەت بەکارهێنابن. یەکێك لە خوێندکارەکانی لەباسی مامۆستاکەی وای نووسیوە: هەندێجار لەدەربڕینی بابەتگەلێکی گرنگو ئاڵۆز زۆر بەکورتی لێیدەبڕیەوەو لەراستییدا لەبارەی هەموو شتێك هیچ شتێکی نەدەگوت، هەندێجاریش بەپێچەوانەوە بابەتێکی بچوكو سادەی بەروونکردنەوەو وشیکردنەوەی دوورودرێژ دەردەبڕینو لەبارەی هیچ شتێکەوە هەموو شتێکی دەگوتو درێژدادڕێکی بێهوودەی دەکرد. خوێندکارێکی تری پۆلی دەرسەکانی، بەکەشتییەکی



جان جاك رۆشۆ

و: رێباز مستەفا

بێچارۆکەی دەچووێنێ، کەلەنێو دەریایەکی تۆفانیدا دەیهاژوا ، کانت کەشیتوانی ئەو کەشتییە تێکشکاوەبوو کەلەنێو جیهانی ئەندێشەدا، سووکانی کەشتییەکەی بەرداوە تا تۆفانو لافاوەکان بۆ هەرلایەك بیانەوێ و پێیانخۆش بێ ببیەن.

سەرەنجام دوای چەندینجار هەوڵی بێئاکام بۆ وەدەستهێنانی ئەو کورسیە کەببوە خولیاو حەسرەتێکی کانت، لەتەمەنی چلوشەش ساڵیدا لەناکاو بەخت بووە یارمەتیدەری وشانس لەدەرگای خانووە بچوکەکەی داو، گەیشتە پۆستی شکۆمەندانەی مامۆستای خاوەن کورسی زانکۆی کونیگزبۆرگ و بووە مامۆستای لۆژیك و میتافیزیا.

کانت جگەلە فەلسەفە کە عەشقێکی ئەزەلی خۆی بوو، زۆر حەزی لەزانستیش دەکردو بەرهەمی سەرەتاییەکانی ئەو زیاتر سەبارەت بەزانستەکان بوون تافەلسەفە. دوای بومەلەرزە وێرانکەرەکەی لیسبۆن ،کەوتە شیکردنەوەی تیۆری هۆکارەکانی دروستبوونی بومەلەرزە، دواتر نووسینێکی دەربارەی چاوگو راسانی باو زریان نووسی، هەروەها وتارێکیشی نووسی لەبارەی ئەوەی ،کە ئایا شێداری بایەکانی رۆژئاوا لەئەوروپا، لەبەرئەوەیە کە ئەو بایانە کاتی هەڵدەکەن بەسەر رووی ئۆقیانووسدا دێن ،یان هۆکاری تر هەن، لەسەردەمی لاوێتیدا زیاتر سەرنجی لەسەر سروشت بوو تا میتافیزیا.

لەبارەی ئەستێران، ئاو، ئاگر، گڕکانەکان، فیزیا، جوگرافیا، زانستی شتەکانو زانستی ژیانی مادیی گەلانو شارستانێتەکان لێکۆڵینەوەو موتالای ئەنجامدەداو دەینووسی.

لەکتێبی (مێژووی سروشتو تیۆری ئاسمان)دا کەلە تەمەنی سیو یەك ساڵیدا نووسیویە، تیۆرێکی لەبارەی جووڵەی نەگۆڕی ئەستێرەکان خستەڕوو کە هەڵێنجانێکی تیۆری کاکێشانی (لاپلاس)بوو، کانت لەو کتێبەدا وەك تۆێژەرێکی گەورەو تەواوی عەیاری لێهاتووی زانستی سروشتی دەرکەوت. لە هەمان ئەو ساڵانەدا لەو دەرسانەی کەسەبارەت بەمرۆڤناسییەوە دەیگوتنەوە، ئەوەی خستەڕوو کە رەنگ بێ مرۆڤ لەکامڵبوونیو گیاندارانەوە هاتبێتەئاراوە،

جیهانی بوون لەم قۆناغەدا بۆکانت بەشێوەیەکی گشتی جیهانێکی مادیو هەستپێکراوبوو، بەچەشنێك کە دروشم بەناوبانگەکەی خۆی لەم قۆناغەی ژیانیدا وەها دەربڕیبوو:(ماوەم پێبدەن نیشانتان دەدەم، چۆن جیهان لەومادەیە پێك دێ.)

تێڕوانینی کانت لەو قۆناغەدا، دروستبوونی جیهان جەرەیانێکی میکانیکیە کەئەو دەمەی هەلومەرجە پێویستەکانی دروستبوونی هاتوونەتە ئارا، خۆی لەخۆیدا پێشکەوتووەو درێژەی بەخۆی داوەو بەمەرجی یەکەمی پەیدابوونی جیهان، هەبوونی بۆشاییێکی جیهانی بێ پایانە کەکانت بە(چاڵی ئەبەدیەت) ناوزەدیکردووە، چاڵی ئەبەدیەت پڕاوپڕە لەمادە ئەتۆمیەکان کە یەکەمجار زۆر بێ سەروبەرو نارێکنو لەژێر هەڕەشەی کارلێکی دووهێزی پاڵنەرو راکێشەر دان. لەژێر کارتێکردنی ئەو دوو هێزەدا جیهانو تەنە ئەلمانیەکانو خۆرو ئەستێرەکان پێکهاتوونو کۆمەڵەی خۆر هاتۆتەکایە.دوایین پاڵنەری هەموو ئەو جەرەیانانە، هەمان یاسامەندیی خودیی مادەکانە ،کە هەماهەنگانە لەگەڵ یاساکانی میکانیکیو دنیامیکی کاردەکەن.

کانت لەنووسراوی(مۆنادۆلۆژیای فیزیا)دا ماددەی وەك هێزێك پێناسەکرد، کە جیهانو بۆشاییو تەنەکانی نێویان لەخۆی پڕدەکات. چوونی هەنگاوبەهەنگاوی کانت لەمیکانیزمەوە بەرەو دینامیزمگەرایە، بەدەستپێکی دیدە ئایدیالیستیە فەلسەفیەکانی ئەو دەژمێردرێ.

لەو سەردەمەدا کانت لەژێر کاریگەری و ئوتۆریتەی هەستگەراکانو ئەزموونگەراکان دابوو و لەو بڕوایەدابوو کەهەر جۆرە ناسینو دۆزینەوەیەك لەسەر بنەماو پشتبەستووە بەپایەی ئەزموونو ئەنجامی ئەزموونی هەستیو ئەزموون وەك تاکە پێوەرێکی راستەقینە دەبێ بنەمای هەڵسەنگاندنی هەرچەشنە تێڕوانێنێکی فەلسەفی بێت.

کانت لەقۆناغی لاوێتیدا لایەنگری میتافیزیا بوو، بەلام لێیدەترساو ئەو عەشقەی بەرامبەر بەمیتافیزیا تێکەڵ بوو لەگەڵ ترسو دڵەڕاوکێ. ئەو میتافیزیای بەگێژەنێکی بێپایانو ترسناك لەنێو دەریایەکی تاریکدا دەزانی، کە تۆفانو باوبۆران دروستدەکاتو دێتە جۆشو خرۆش. هۆشداری دەدایە ئەو زانایانەی کە کاریان لەسەر میتافیزیا دەکرد، ئاگاداری خۆیان بن، چونکە ماڵی خۆیان لەرووی پرسی تیۆریدا داناوەتە نێو بورجە شووشەییەکان کەلەژێر هەڕەشەی باوبۆرانو لافاوە بێ ئەمانەکان دان، ئەوکات کانتی لاو پێشبینی نەدەکرد کەرۆژگارێك خودی ئەویش دەبێتە یەکێك لەگەورەترین لافاو هەلایسێنەرانی مەیدانی میتافیزیا.

لەرووی تێڕوانینی سیاسیشەوە دیدگاکانی کانت زۆر مرۆڤدۆستانەو ئازادیخوازانەن. بۆنموونە لەو تێڕوانینەی ئەو کە دەڵێ(مرۆڤ دەبێ وەك مرۆڤ بەئامانج تەماشا بکرێ) بەباشی لایەنە مرۆییەکانی دەردەکەوتو گەوهەری راستەقینەی دیدی مافی مرۆڤ ئاشکرایە، هەروەها لایەنگریو عەشقی قووڵی بۆ ئازادیەکانی مرۆڤ بەباشی دیارو بەرچاوە:(( هیچ شتێك لەوە ترسناکتر نییە، کە کاروەفتارەکانی مرۆڤ پاشکۆی ئیرادەی کەسێکی تربن.))

ئاشتیخوازیو دژایەتیکردنی شەڕ لای کانت لەنووسراوی "ئاشتیی پایەدار" بەباشی دەردەکەوێ ورروونە، لەو نووسراوەیدا کانت لەدەست شەڕخوازیی ولاتەکان نارازی و بەگلەیی بوو. ئەو پێیوابوو کە حکومەتەکان هیچ بوودجەیەك بۆ خوێندنو فێرکردنی گشتی تەرخان ناکەن، چونکە هەموو داهاتەکانی ولات لەئامادەکاریەکانی جەنگو شەڕو شۆڕەکاندا بەهەدەردەچێ.

کانت پشتیوانی لەیەکێتی دەوڵەتە ئازادەکانی دژی جەنگ دەکردو دەیگوت کە عەقڵی شەڕخوازانە بەتوندی ریسواو رەتدەکاتەوەو بەشتێکی قێزەونی دەزانێو تەنها دەوڵەتێکی جیهانی یەکگرتوو دەتوانێ پێش لەجەنگی نێوان دەوڵەتە دەستدرێژیکەرەکان بگرێ، ئەو دەوڵەتە دەبێ لەیەکێتی خۆبەخشانەی دەوڵەتە کۆمارییەکانەوە پێك بێ، ئەرکی ئەوجۆرە دەوڵەتە لەڕوانگەی کانتەوە ئەوەبوو، کە ڕێز لەیەکەیەکەی تاکەکانی میللەت وەك یەکەیەکی کامڵ



ئیمانوێل کانت

و: ڕێباز مستەفا

بگرێو هەموو مرۆڤەکان جیهان لەدنیایەکی پڕ لەئاشتیو برایەتی وەك ئەندامانی یەك خێزان پێکەوە پەیوەست بکات.

کانت لەساڵەکانی دوایی تەمەنیدا، لەپای ئەوبیروڕا ئازادیخوازو مرۆڤدۆستیانەی زۆر بەتوندی پەلاماری نارەوای کرایە سەر، تەنانەت لەلایەن (فریدریك ویلیام)ی پادشای پرۆسیا بەدەربڕینێکی توندو غەزەب ئامێزەوە نووسینی لێ قەدەغەکراو لەهۆشدارینامەیەکدا وای بۆ نووسی:(زاتی زۆر پیرۆزو شاهانەمان لەوەی دەبینێ کەئێوە فەلسەفەی خۆتان بەئاراستەی سووکایەتیو ئیهانەکردن بەهەندێ لەباوەڕو بیروڕاو بنەما زۆر گرنگەکانی کتێبی پیرۆزو مەسیحیەت بەکارهێناوە، زۆر دڵگرانە، ئەمرتان پێدەکەین کە لەئاییندەدا خۆت لەو شتانە ببوێری کە تووڕەیی ئێمە هەڵدەستێنن، ئەگەر نا دەبێ چاوەڕێی چارەنووسێکی ناخۆش بکەیت).

کانت کە دوایین قسەکانی خۆی کردبوون و ئەوەی کەدەبوا بڵێ گوتبوویو رەنگبێ شتێکی بۆ گوتن نەهێشتبێتەوە، ئازایانەو بەدەربڕینێکی گاڵتەئامێز لەوەڵامی پادشا نووسی(پایەبەرز، شای دەسەڵاتدارو من بەر فەرمانی ئەمرەکانی ئێوەم و لەمە بەدواوە بێدەنگ دەبمو ئەوەی کە دەبوا بمگوتبا گوتوومەو ئیدی هیچ شتێکی تری ناخەمە سەر).

کانت لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا لەشاری کونیگزبۆرگی ئەڵمانیدا کۆچی دواییکرد ،کەهێشتا تۆزقاڵێك چییە لە بیروباوەڕ تێڕوانینەکانی بەرامبەر ئاسمانی پڕ لەئەستێرەی ژوور سەریو یاساو پابەندبوونە ئەخلاقیەکانی نەهاتەخوار.

**سەرچاوە: ئەنتەرنێت.**